# دزی گەورە،
# دزی بچوک..!

دارا مەحمود
darachimen@hotmail.com

حاکمی ڕێگری مەعموورەیە، قازیی دزی ڕۆژ
وزەراوو وکەلای گورگە، ڕەعییەت گەلەیە
زوڵمیان عامە لەسەر عاممە، ڕەعییەت فەوتا
تۆ مەکە مەنعی عەوامیل کە خەتای گای بنەیە
حاجی قادری کۆیی

ماوەیەکە زوو زوو لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی حزبی و حکومیی باشووری کوردستانەوە هەواڵی دەستگیرکردنی باندەکانی دزی ڕادەگەیەنرێ. و لەگەڵ ئەو ڕاگەیاندانەشدا سەرەڕای ستایشی دامودەزگاکانی ئاسایش، وەک سەرکەوتنی گەورەی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسیش ئاماژەیان پێدەکرێ. دیارە دەستگیرکردنی دز، چ وەک تاک و یانیش باندو گروپ، بەگشتی مایەی دڵخۆشییەو ئەوهەستە بەهاوڵاتیان دەبەخشێ کە هەنگاوێکی تر لەئارامی و سەقامگیریی نزیک دەبنەوە. و کۆمەڵگا لەگەندەڵکاران کە دزیی بەشێکییەتی خاوێن دەبێتەوە.
بەڵام ئەو بارودۆخەی لەباشوری کوردستاندا لەئارادایەو چۆنییەتی بەڕێوەچوونی یاساو هەبوونی گەندەڵییەکی بێ سنوور. کۆمەڵێک پرسیار و سەرنج لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت کەناکرێ خۆیان لێ ببوێرین.
سەرەتا دەبێ بڵێین کە گەرچی کاری دزیی لە ناو گشت کۆمەڵگایەکدا و بەپێی یاسای هەروڵاتێک بەتاوان دادەنرێت و مرۆڤی دز سزای یاسایی دەکەوێتە سەر. بەڵام دەبێ ئەمەش بڵێین کە دزیی، گەورەترین و مەترسیدارترین تاوان نییەو زۆرتاوانی ترهەن کە لەدزیی گەورەترو بۆ سەر کۆمەڵگاش مەترسیدارترن. وەک: تاوانەکانی کوشتن، دەستدرێژی جنسی(ئیغتیساب)، جاسوسی و خیانەت،... هەروا دزییش بۆخۆی پتر لەجۆرێک و ئاستێکی هەیە. یانیش دەتوانین بڵێین جۆرێک لەپلەبەندی هەیە. واتا بۆ نموونە دزینی دەزگایەکی تەلەفۆنی مۆبایل، بەرابەر نییە لە گەڵ دزینی ئۆتۆمبیلێک و دزینی ئۆتۆمبیلێکیش بەرابەر نییە لەگەڵ بڕینی بانکێک... و لەبەرئەوەش ئاستی زیان پێگەیاندنیان جیاوازە کەواتە سزاکانیشیان جیاوازە. ئەمە یاساو پرێنسیپی دادوەریی هەموو جیهان بەهەرێمی کوردستانیشەوەیە.
بەڵام ئەوەی لەم هەرێمەی ئێمەدا جیاوازە ئەمەیە کەوەک هەر وڵاتێکی دواکەوتوو، کە پێشێلکردنی یاسا کارێکی ئاساییەو ڕۆژانە لەئاستی جۆراوجۆردا پەیڕەودەکرێت. قسەکردن لەسەریاسا بەدووتەوەر بەڕێوەدەچێت. یەکەمیان: ئەمەیە کەڕێزگرتن لەیاساو پێشێل نەکردنی تەنیا ڕواڵەتەو یانیش باهەربڵێین تەنیا لایەنێکی تیۆری و گوفتاری هەیە. دووەمیشیان ئەوەیە کە تەنیا تاوانبارانی بچوک و پێشێلکەرانی پلەکانی هەرەخوارەوە سزادەدرێن و دەبنە قۆچی قوربانی لەپێناوی تاوانبارانی گەورەتردا.

دەنا لەحاڵێکدا کە ئەم هەموو سامانەی وڵات لەڕێگای گەندەڵییەوە و بەدەستی خودی دەسەڵاتداران دیزەبەدەرخۆنەدەکرێت. بۆ دەبێ دزێک کەپارچەزێڕێک، کەلوپەلی دوکانێک، یان ئۆتۆمبێلێکی دزیوە ئاوا بەتام و خوێ لە تەلەفزیۆنەکانەوە باسی لێوەبکرێت و ناو،و سیمای ئاشکرابکرێت..؟
وەڵامەکەی ئەمەیە کە ئەوە خەسڵەتی هەر دەسەڵاتێکی گەندەڵە.
درووستکردنی پردێک، دەستگیرکردنی دزێک، خەڵاتکردنی ماستاوچییەک... بەهەنگاوی مەزن دەژمێردرێن و دەبنە مایەی منەتکردن لەسەر خەڵک و لەمەش گرنگتر پەردەپۆشی تاوان و دزی و گەندەڵییە گەورەکان.
پیاوێک کەلەوەبەولاوەی کادری حزبێکی دەسەڵاتدارە، کاروکاسبییەک ناکات و بەرهەمێکی فکریی یان دەستی لێ هەڵناوەرێ، چۆن دەبێ سامانەکەی لەژماردن نەیەت و نابێ دادگایەک هەبێت و لێێ بپرسێتەوە کە ئەو سامانەی لەکوێ بووە..؟
دەستگیرکردنی دزە بچوکەکان، لەحاڵێکدا دزەگەورەکان دروێنەی پارەدەکەن، نەک هەرمایەی خۆشحاڵی نییە بەڵکو جێگای بێهیواییشە. چونکە لەکوردستاندا، دزی گەورە نەک هەر حوکم دەکات بەڵکو دەبێ کۆمەڵگا لەبەرانبەریشیدا هەست بەگوناە بکات و بۆی بچەمێتەوە. هەرئەم دزانەشن کە بڕیاری سیاسی دەردەکەن و چارەنووسی نەتەوەیەکیان کەوتۆتەدەست.
بە دەستگیرکردنی چەند دانە دزی بچوک، لەحاڵێکدا ئەم هەموو دزەگەورانە فەرمانڕەوا بن، تاوانی دزی کەم نابێتەوە. چونکە دزی بچوک سزادەدرێت، و لەپێش چاوی هەمووان ڕیسوادەکرێت. بەڵام دزی گەورە کە خۆی قازی و پۆلیسە، سزانایگرێتەوە.
دزی بچوک زەوی پێ نادزرێ، دزی گەورە وڵاتێک هەڵدەلوشێ.
دزی بچوک قوربانییە. قوربانیی پەروەردەی خراپ، هەژاری، و دواکەوتوویی.. دزی گەورە بۆخۆی خولقێنەری تاوان و کێڵگەو ژینگەی لەبارییەتی و چێنەریی تۆوەکەیەتی.
دزی بچوک ئەنجامە، دزی گەورە هۆکارە..
دزی بچوک نەشارەزاو کەم ئەزموونە. و تائەوکاتەی نەناسراوە کاری دزی پێ ئەنجام دەدرێ. کاتێک پێوەدەبێت تەواوی ژیانی ناتوانی قەرەبووی بکاتەوە. دزی گەورە هەمووانیش دەیناسن بەڵام ئەو چەقاوەسوو بێ شەرمە.
لەکوردستاندا، دزە بچوکەکان، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تەنیا دزن و بەس. بەڵام دزە گەورەکان گەندەڵکەری میشکی تاک و ناخی کۆمەڵگان. و سەرەڕای دزیی، زۆردار، ژنکوژ، و بکوژی ئازادی و دیموکراسیشن...